## ئەحلام حەجی:

# سەرەڕای ئەوەی شەڕ بەرۆکی گرتووە، بەڵام کوردستان وڵاتی هونەر و جوانیە

یەکێکە لەو کچانەی کە هەمیشە لە گەڕان و سووڕاندایە، لە دایکبووی مەغریبە و بە ڕەچەڵەک دایکی عێراقییە و نیشتەجێی پاریسە و هەڵگری ڕەگەزنامەی فەرەنسایە، جگە لە کاری مۆدە و ڕاگەیاندن و سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوێکی خێرخوازی تایبەت بە سەرپەرشتیکردن و هاوکاریکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت، ئێستا چەندین دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری بواری سینەما و تەلەفزیۆن داوایان لێکردووە کە بەشداری لە چەند کارێکی نواندندا بکات، لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبوومی گۆرانیشی لە سەروبەندی بە کۆتاهاتن و بڵاوکردنەوەیە، وەک خۆی دەڵێت: حەزی دەکرد سەردانی کوردستان بکات، چونکە لە ڕێگای چەند کەسێکەوە ئاگاداری ڕەوشی کوردستان بووە. هەفتەی ڕابردوو ئەحلام حەجی شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی کوردستانی کرد، لە میانەی ئاهەنگێک کە دەزگای سەوسەن بۆ جوانکاری سازی کردبوو، ئێمەش لە نزیکەوە چاومان پێیکەوت و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.






*** ئەم سەردانەت بۆ کوردستان چۆن بوو؟**

- من دەمێکە زانیاریم دەربارەی ئەم وڵات جوانە و میواندۆستیی گەلی کورد هەیە، بۆیە زۆر حەزم دەکرد بێم لە نزیکەوە ببینم، دەزگای سەوسەن بۆ جوانکاری و مۆدە منیان بانگهێشت کرد بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگێکی تایبەت کە لە شاری سلێمانی ساز کرا بوو، منیش داواکەیانم قبووڵ کرد و جگە لە سلێمانی سەردانی شاری هەولێریشم کرد.

*** لە یەکەم سەردانت بۆ کوردستان هەستت بە چی کرد؟**

- وڵاتێکی جوان و دڵڕفێن، خەڵکێکی میواندۆست کە زۆر ڕێزی خەڵکی بیانی دەگرن، بەڵام دەمەوێ لێرە ئاماژە بە شتێکی زۆر گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە دەرەوە تەنیا گوێبیستی ئەوە دەبین کە لە عێراق شەڕ و کوشتن و ئاوارەیی هەیە، بەڵام چەند هاوڕێیەکەم دەمێك پێیان دەگوتم کە کوردستان جیاوازە و ئارامی و سەقامگیریی تێدا بەرقەرارە و بە هەزاران خەڵکی بیانی بەو پەڕی ئازادییەوە لەو وڵاتە ژیان بەسەر دەبەن. پێشتریش زۆر حەزم دەکرد سەردانی کوردستان بکەم، بۆیە ئەم سەردانەم قبووڵ کرد، لێرەوە بۆم دەرکەوت ئەوەی کە لە دەرەوە باس دەکرێت، تەواو پێچەوانەی واقعە و لە کوردستان تەنیا شەڕ نییە، بەڵکو پێشکەوتن و جوانی و هونەر بەردەوامە لەو وڵاتە سەرەڕای سەختی بارودۆخی دارایی و شەڕ، پەنا بە خوا ئەمە دوایین سەردانم نابێت بۆ ئەم وڵاتە.

*** لە کوردستان چ شتێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشای؟**

- ڕێزگرتنی خەڵکەکەی لە میوانەکانی، جلوبەرگ و کەلتووری ئەو وڵاتە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، بۆم دەرکەوت کە گەلی کورد ژیاندۆستە و سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە هەیە بە خۆشەویستییەوە لە ژیان دەڕوانن.

*** تۆ سەرپەرشتی ڕێکخراوێکی خێرخوازی تایبەت بە منداڵان دەکەی، ئایا لە کوردستان بەرنامەت نییە بۆ ئەوەی لە کوردستان کاری خێرخوازی ئەنجام بدەی، بەتایبەتی کە ئێستا ژمارەیەکی زۆری منداڵی ئاوارە و پەنابەر لە کوردستان هەن؟**

- بێگومان بە جددی بیرم لەوە کردۆتەوە کە چوارچێوەی کارەکانی ڕێکخراوەکەم فراوانتر بکەم بۆ ئەوەی کوردستان و عێراقیش بگرێتەوە، دەزانم کە بە سەدان هەزار منداڵی سووری و باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەگەڵ خانەوادەکانیان ئاوارە بوون و لە کەمپەکانی کوردستان ژیان بەسەر دەبەن، لە بەرنامەمدایە سەردانیان بکەم و ئەگەر لەم سەردانەش بە هۆی کەمی کات نەمتوانی ئەمە بکەم، ئەوا بێگومان لە سەردانەکانی داهاتوومدا سەردانیان دەکەم، وەك گوتم پەنا بە خوا ئەمە دوا سەردانم نابێت بۆ ئەم وڵاتە جوانە.

*** پێوەرەکانی جوانی ئافرەت لای تۆ چین ؟**

- بێگومان جوانی ڕوخسار و لەش و لار زۆر گرنگن بۆ دەرکەوتنی هەر کەسێك بەتایبەتی بۆ ئافرەت و پێویستە گرنگییەکی زۆر بە جوانی خۆی بدات، بەڵام سەرەڕای ئەمە جوانی دڵ و دەروونیش زۆر گرنگە، هەروەها چۆنیەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ دەوروبەر، چونکە هەموو ئافرەتێك بە سروشتی خۆی جوانە.

*** زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکان بەتایبەت ئەوانەی لە بواری هونەری و جوانکاری کار دەکەن، ڕووبەڕووی چەندین پروپاگەندە دەبنەوە، چ پروپاگەندەیەك لە دژی تۆ کراوە؟**

- زۆر پروپاگەندە لە دژی من کراوە و هەندێکیان بریندایان کردم و مەبەستیشیان تەنیا زڕاندنی ناو و ناوبانگی من بووە، بەڵام من گوێم بە هیچیان نەداوە، بەڵکو مکوڕتر بووم لەسەر کارەکانی خۆم و هاندەرم بوون بۆ پێشکەوتنی زیاتر، چونکە ئەمانە نیشانەی سەرکەوتنی منن و هەر کەسێك ئەگەر لە کارێکدا سەرکەوتوو نەبوو، یان بێکار دانیشت، ئەوا کەس باسی ناکات.

*** ئایا هیچ زانیارییەکت لەسەر شاجوانەکانی کوردستان هەیە؟**

- زۆر زانیاریم لەسەر شاجوانەکانی کوردستان نییە، بەڵام هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

*** جگە لە شاجوانی لە بەرنامەتدا نییە بچێتە بواری هونەر بەتایبەتی بواری نواندن؟**

- زۆر کەس داوایان لێکردووم کە بەشداری لە کاری نواندن بکەم، بەڵام هێشتا ڕەزامەندیم لەسەر هیچیان نەداوە، هەروەها لە بواری گۆرانی و موزیکیشدا بە نیازی کارێکم، بەڵام حەز دەکەم وەك سوپرایزێك پێشکەشی جەماوەری بکەم.

*** چی دەربارەی ئافرەتانی کورد دەزانی؟**

بەهێز و بەسۆزن. ئافرەتی کورد دایکێکە دەزانێت چۆن بەرەو باشتر هەنگاو بنێ. هیوای بە ژیان زۆرە. ئەوان بە بارودۆخی زۆر سەختدا گوزەریان کردووە، بەڵام هەرگیز هێز و توانای خۆیان لەدەست نەداوە. سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتانە توانییان نەتەوە و نەوەیەکی بەهێز پەروەردە بکەن. من زۆر سەرسامم بە ئافرەتی کورد.

## بریانکا:

# ئاواتەکانم بێ سنوورن



بریانکا شۆبرا ئێستا بووەتە یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەستێرەکانی بۆڵیۆد و توانیویەتی ڕێگای سەرکەوتنی خۆی دیاری بکات تەنانەت لە یەکەمینەکانە لەرووی زۆری ژمارەی ئەو کارانەی بەشدارییان تێدا دەکات، چونکە بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن بەشداریی پێ بکەن لە کارەکانیاندا.

دەرهێنەرەکان پێیانوایە هەر کارێکی بریانکا تێیدا بەشدار بێت سەرکەوتنی مسۆگەرە، سەبارەت بەم سەرکەوتنەی چەند بوارێکی دیکەی ژیانی تایبەتی خۆی بە دوای خۆی دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (Star World India) و لە میانەی دیمانەکەدا باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی کرد و رایگەیاند: من کەسێکم هەمیشە خەون و ئاواتم زۆرە بۆیە هەوڵ دەدەم کە بەرەو پێشەوە بروانم و ئاواتەکانم بێنمە دی.

سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا بریانکا دەڵێ: دوای ئەوەی بە شاجوانی هیندستان هەڵبژێردام، دواتریش بووم بە هەڵگری نازناوی شاجوانی جیهان، بەڵام بەر لەوەی روو لە بواری نواندن بکەم، بووم بە ئەندازیار بۆ ماوەیەك، بەڵام تەنیا بوون بە ئەکتەر و شاجوان نابێتە هۆی لەوەی کە سنوورێك بۆ ئاواتەکانم دابنێم، هیوا و ئاواتی من سنووریی نییە.



# فیلمەکەی بریتنی هەرای نایەوە

کۆمپانیای "Asylum Entertainment" رایگەیاند کە ژیانی ژیانی تایبەتی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی بریتنی سپێرز یەکێکە لە بابە سەرەکییەکانی ئەو فیلمە تەلەفزیۆنییەی کە بڕیار وایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا بەرهەمهێنانی کۆتایی بێت و لە هۆڵەکانی سینەمای جیهان نمایش بکرێت.

سیناریۆی ئەم فیلمە نوێیە لەلایەن ماری هیس نووسراوەتەوە و کچە دەرهێنەر لیزلی لیب مان، هەروەها کچە ئەکتەر ناتاشا باسێت رۆڵی بریتنی سپیریز دەبینێت، بێ ئەوەی بریتنی هیچ رۆڵێکی هەبێت، جگە لەمە بریتنی رایگەیاندبوو کە زۆر گوێ بە ورد و درشتی ئەم کارە نادات.

سەرەتای فیلمەکە باسی ژیانی منداڵی بریتنی دەکات لە لویزیانا و پێوەندیکردنی یانی میکی ماوس و سەرەتا خێراکەی بۆ هاتنە نێ جیهانی هونەری گۆرانی و موسیقا و پێوەندیی لەگەڵ جاتسنی تیمبرلانك و دواتر جیابوونەوەیان و زۆر بابەتی دیکە. ئەوەی زیاتر سەرنجی رەخنەگرانی راکێشاوە ئەوەیە کە هێشتا خۆی لە ژیاندا ماوە، هەندێکیان ئەمەیان بە جۆرێك خەڵاتکردنی بریتنی وەسف کرد، چونکە دەبێتە ریکلامێکی باش و سەرکەوتوو بۆ بریتنی، بەڵام بەشێکیان پێیانوایە ئەمە سەرپێچی پابەند نەبوون بە رەوشتە بەرزەکانە، چونکە ئەگەر کارێکی بەو شێوەیەش ئەنجام دەدرێت کە دوای چەند مانگێك بە مردنی دەست بە کارەکان دەکرێت و پێشبینی دەکرێت جیمیلینی خوشکی بریتنی بەشداریی تێدا بکات بە هۆی ئەوەی کە شێوەی روخساریان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە.



# بیرین سات هەواڵێک رەت دەکاتەوە

خانمە ئەکتەری بیرین سات گشت ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە کە باس لە دووگیانیی دەکەن و بۆ پشت راستکردنەوەی قسەکانیشی لە ف رۆکەخانەی ئەستەنبول دەرکەوت بە جلوبەرگێك کە سکی زۆری دیاربوو.

ماوەیەکە میدیاکانی تورکیا هەواڵی زۆر دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەکتەرەکانیان بڵاو دەکەنەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوون، یەکێکیش لەوانە بیرین ساتە، بیرین سات بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسان دڵنیا بکاتەوە لە نادروستی هەواڵی سکپ رییەکەی رێگای بە وێنەگران دا بۆ بە ویستی خۆیان و لە هەموو گۆشەکانەوە چەندین وێنەی جیاجیای بگرن، هەرچەندە پێشتر هەواڵەکەی رەت کردەوە و تەنیا بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دانەوە.

شایەنی باسە بیرین سات داوایەکی رەتکردەوە بۆ بەشداریکردنی لە وەرزی دووەمی زنجیرە (سوڵتانە کوسیك) و چەند سەرچاوەیەکی نزك لێی ئەم رەتکردنەوەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە نایەوێ رۆڵی سوڵتانە بە پیری ببینێت.







## فرمێسک رەحیمزادە:

# بەداخەوە لە باشوور وەکو پێویست گرنگی بە هونەر و میدیا نەدراوە

**فرمێسک رەحیمزادە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی چەند ساڵێک لە بواری رۆژنامەنووسیدا کاری کردووە، جگە لەوەش کۆمپانیای تایبەتی خۆی هەبووە. ساڵی ٢٠١٢ هاتووەتە باشوری کوردستان و لە رێگەی دوبلاژکردنی چەند زنجیرە درامایەکەوە دەستی بە کاری راگەیاندن کردووەتەوە، هەروەها بەرێوبەری کومپانی ڤین سیو (سێوی مێخەک رێژ) ـە، ئێستا بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵە، لە نزیکەوە -چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** سەرەتا حەز دەکەین کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟**

-فرمێسك رەحیمزادە ماوەی چەند ساڵێکە لە باشووری کور لە رۆژهەڵات لە بواری رۆژنامەنووسیدا کاری کردووە. جگە لەوەش کۆمپانیای تایبەتی خۆی هەبووە. ساڵی ٢٠١٢ هاتووەتە باشوری کوردستان و لە رێگەی دوبلاژکردنی چەند زنجیرە درامایەکەوە دەستی بە کاری راگەیاندن کردووەتەوە، و هەروەها بەرێوبەری کومپانی ڤین سێو (سێوی مێخەک رێژ)ە، ئێستا بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** بۆچی زۆر لە کچە هونەرمەند و راگەیاندنکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان روویان لە باشووری کوردستان کردووە، لە کاتێکدا دەتوانن لە شوێنی دیکەش درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن؟**

- سەبارەت بە خۆم هۆکاری هاتنم بۆ باشوور، بۆ من هیچ جیاوازییەك لە نێوان هیچ پارچەیەکی کوردستان نییە، ئەو کاتەی کە من هاتم لە کوردستان دەرفەتی باشتر هەبوو بۆ بزنس کردن و بارودۆخەکە بە جۆرێك لە بار بوو کە تۆ بتوانی بگەیە ئاستێکی بەرزتر، منیش وەکو کچێك حەزم کرد لێرە زیاتر ئەکتیڤتر بم و بە زمانی کوردی و کارەکانم زیاتر پەرە پێ بدەم بەتایبەتی لە رێگای دۆبلاژ و کاری هونەرییەوە.

*** تۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی و لە باشووری کوردستان کارت، چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان کاری هونەری بەتایبەتی لە هەردوولا؟**

- زۆر شت هەیە کە لێرە نییە لە رۆژهەڵات پێشتر ئەو ئەزموونە هەبووە، ناتوانم بڵێم ئەو گرنگییەی لە رۆژهەڵات بە هونەر دەدرێت لێرە پێی نادرێت، بەڵام ئەو گرنگییەی بە میدیا و هونەر دەدرێت لێرە وەکو پێویست نییە.

*** هۆکاری چی بوو لە راگەیاندنەوە رووت لە دەرهێنان کرد؟**

-من کە لە بواری راگەیاندنیش کار دەکرد و بەر لەوەی روو لە بواری هونەر بکەم، خۆم دەرهێنانم بۆ کارەکانی خۆم دەکرد، ئێستاش کە لە بواری هونەریدام دەرهێنان زیاتر حەزی منە و هەوڵ دەدەم کە لەو بوارە سەرکەوتوو بم.

*** وەک کچە رۆژهەڵاتییەک ئەو بەربەستانە چین کە پێشبینی دەکەی بێنە پێشت؟**

- سەرەتا من حەز دەکەم وەکو کوردستانییەك باسم بکەن، هەرچەندە کە لە کورد ماکسیش کارم دەکرد زۆر کەس دەهاتن دەیانوت بۆچی خەڵکی خۆمان وەرناگرن و زیاتر کار بەو ئێرانیانە دەدرێت کە مەبەستیان ئێمەی رۆژهەڵاتی بوو و ئێمەیان بە غەریبە وەسف دەکرد، لە کاتێکدا خۆ کەس رێگای لە کوردانی پارچەکانی دیکە نەگرتووە بۆ ئەوەی کار نەکەن.

*** لە کاری دەرهێناندا تا چەند تۆ گوێ لە بیروبۆچوونەکانی هونەرمەند دەگری؟**

-بە دڵنیاییەوە هەر کەسێك بیەوێت من کاری بۆ بکەم لە بواری ریکلام چی دەوێ دەبی ئەوی بۆ بکەم دواتر دەمینێتەوە سەر شانی من و ئەو گروپەی لەگەڵ منن، بە هەمان شێوە لە بواری کلیپیشدا سەد دەر سەد گوێ لە خواست و پێشنیارەکانی هونەرمەند دەگرم، لە هەمان کاتدا من بە پلانەوە کار دەکەم و هەر کارێك ئەنجام بدەم پێویست شێوە و ستایلی منی پێوە دیار بێت نەك رەنگ و ستایلی کەسێکی دیکە لە کاری مندا هەبێت.

*** پێش ئەنجامدانی هەر کارێکی دەرهێنان بیر لە چی دەکەیتەوە بۆ ئەوەی کارەکەت سەرکەوتوو بی؟**

- بە دڵنیاییەوە بیر لە بوونی گرووپێکی باش دەکەمەوە، ئایدیایەك باش، سیناریۆیەکی تایبەت، شتێکی نوێ کە دووبارە نەکرابێتەوە و بتوانێت پەیامێکی دیاریکراو و کاریگەری هەبێت، ئەمانە هەموویان، ئەمانە بە یەکەوە جوانن و دەتوانین لە پێکهاتەیاندت شتێکی نوێ درووست بکەی کە بتوانی ناوی کاری جوانی لێ بنێی، من هەست دەکەم هەمیشە بۆ کارەکانم خۆم ماندوو کردووە ئیدی بە ماندوو بوونیش دەتوانی ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنی.

*** لە بواری دەرهێنان بە گشتی وەک کورد پێویستمان زیاتر بە ئەزموون چ نەتەوەیەکە بۆ ئەوەی لە کارەکانی خۆمان سوودی لێ وەربگرین؟**

- لە راستیدا من ناتوانم بە شێوەیەکی گشتگیر بڕیار لەسەر ئەمە بدەم، بەڵام وەکو خۆم زیاتر حەزم لە سینەمای هۆڵیۆدە و پەیوەندییەکی بەهێزیشم لەگەڵ فیلم و موزیکەوە هەیە، لە هەمان کاتدا بە حوکمی کارەکەم زۆر سەیری ریکلامەکانی وڵاتانی دیکە دەکەم، بە گشتی من زیاتر سەیری کارە بیانییەکان دەکەم، بەڵام ناتوانم بڵێم ئەم کارانە کاریگەریی رەهایان لەسەر من هەیە، چونکە من خەڵکی ئەو وڵاتەم و کارەکانم بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەیە و ناکرێ لەو رووەوە خۆم بە جیاواز دابنێم.

*** پێشتر کاری دەرهێنانت ئەنجامداوە، ئێستاش کۆمپانیایەکت دامەزراندووە بۆ دەرهێنان، تەنها سەرقاڵی دەرهێنانی کلیپ دەبیت یاخود کارت بەرفراوانتر دەکەی؟**

- کۆمپانیاکەی ئێمە تەنیا پرۆدکشن نییە، بەڵکو کاری میدیا پلان ئەنجام دەدەین، وەك تیڤی ئەدڤەرتایزینگ، پرۆدەکشن،هەروەها رێکخستنی ئیڤێنتەکانە، بەشێوەیەکی گشتی ئێمە ئاژانیسن و لە بواری ریکلام و بڵاو کردنەوەی ریکلام و ئەو جۆرە بابەتانە کار دەکەین.